# نهێنیەکانی ئەو گۆڕستانەی کەس ناوێری سەردانی بکات

وەرگێڕانی : فەرمان عەبدولڕەزاق

بیابانێکی ترسناك بە رووبەرێکی بێ کۆتایی ..... بایەکی بەهێز کە ترس دەخاتە دڵی مرۆڤەوە ..... بڵاوبوونەوەی ئێسك لە گشت لایەکەوە ..... چەند لاشەیەك کە مێژوویەکی دێرینیان پێوە دیارە کەوتوونەتە ژێر خۆڵی بیابان ..... دەنگێکی ترسناك لە گۆڕەکانەوە دەردەچێت ..... چەند زانایەك لە کۆندا هاتوونەو چاودێریان کردووە ..... رووناکیەکی بەهێز لەناخی تاریکیەکاندا دەردەچێت ..... شوێنیك کە چواردەوری دەوران دراوە بە چەندین گازی جۆراو جۆرو نهێنی ترسناك.......!!!

ئەم رستانە باسکردن و وەسفکردنی زانای شوێنەوارناسی مەکسیکی (خوان سیزارا) بوو سەبارەت بە گۆڕستانی (تشاویشیا) کە دەکەوێتە باکوری (پیرۆ)، لەهەمانکات خەڵکی ناوچەکە بەر لە چەندین ساڵ ناویان لەم گۆڕستانە ناوە ( گۆڕستانی ترس و خەم) بەهۆی هەڵگرتنی چەندەها نهێنی کە ئەم نهێنیانەش لە چیرۆکەکانی مردنی ئەو بوونەوەرانەدا خۆی دەبینێتەوە کە بە شێوەیەکی بەردەوام چاودێری گۆڕستانەکە دەکەن، هەروەها ئەو رووداوە ترسناکانەش کە لەلایەن ئەو کەسانە دەماودەم گێڕدراوەتەوە کە بۆسەردانی ئەم گۆڕستانە هاتوون، بەڵام دوای هەموو ئەو رووداوانە چ بە شێوەی بینراو چ بەشێوەی بیستراو خەڵکی ناوچەکە ئەوەیان بۆدەرکەوتووە کەهیچ کاریگەریەکی خراپ ناکاتە سەر مێشکی مرۆڤ، زانای شوێنەوارناس (ماکی ئاوی) لە ساڵی (١٩٠١) بە هاورێیەتی چەند یاریدەدەرێکی لە (پیرۆ)هەڵسا بەئەنجامدانی گەشتێکی زانستی بۆ گۆڕستانی (تشاویشیا) ئەمەش دوای بیستنی ئەم هەواڵانە لە خەڵکی ناوچەکە، سەرەتا بە شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەی چەند لاشەیەکی ناوچەکە دەستیپێکرد بۆی دەرکەوت کە مێژوی لاشەکان دەگەرێتەوە بۆ (٢٠٠) ساڵ لەمەوبەر، بەڵام ئەوە بووە مایەی سەرنج راکێشانی، ئەوەبوو کە چەند لاشەیەك لەناو ئەم لاشانەدا هەبوو کە



مێژوویان بۆ ماوەیەکی زۆر کەمتر دەگەرایەوە ئەمەش هانی ئەم تیمە زانستەیەیدا کە ئەم پرسیارە لە خۆیان بکەن " نهێنی مانەوەی ئەم لاشانەی کە ساڵانێکی کەمە مردوون لەگەڵ ئەو لاشانەی کە مێژووەکەی دەگەرێتەوە بۆ (٢٠) ساڵ لەمەو پێش چیە ؟

لەراستیدا تا ئێستا زانایان نەگەیشتونەتە وەڵامی راستی ئەم پرسیارە، سەبارەت بەم دیاردەیەش زانای ناوبراو وەڵامێکی راستەقینەی بۆ خەڵکی ناوچەکە دەست نەکەوت.

خەڵکی ئەم ناوچەیە باسی ئەوە دەکەن

ماوەیەك بەر لە ئێستا هەندێ لە دزەکان هەوڵی تێکدانی ئەم گۆڕستانەیاندا، چونکە بڕوایان وابوو کەلەنێو ئەم گۆڕستانە ئاڵتونی بەنرخ خۆی حەشار داوە کەنرخەکەی بۆ چەندین مەلاین دۆلار دەگەڕێتەوە، بەڵام سۆراخیان نەما پرسیار لێرەدا ئەمەیە، ئەم دزانە لێرە چیان دەکرد؟ ئەم دزانە چۆن کوژران؟ ئایا لە تێنوەتیان مردن؟ ئایا ڕۆژی سوتێنەر لێیدان یان باو تۆزی بیابان ئەمانەی کوشت؟ یاخود کەسێکی بالادەست ئەمانەی بەهێز بۆ تێکدانی ئەم گۆڕستانە ناردبێت؟

تائێستا هیچ وەلامێکی دیار بۆ ئەم ڕووداوە نیە، بەڵام ئەنجامی هەموو لێکۆڵینەوەکان لە کۆتاییدا لەیەکتر نزیك دەبنەوە هەرچەندە خەڵکی ناوچەکە زۆر بە توندی ئەوە ڕەت دەکەنەوەو جەخت لەسەر ئەوەدەکەنەوە کەوا گیانە شەرانگێزەکان چاودێری ناوچەکە دەکەن و زێرەکەشیان لە شوێنێکی نادیار شاردۆتەوە. سەبارەت بەم گۆڕستانە یەکێك لە خەڵکی ناوچەکە دەڵێت: کەس نیە لە ئێمە ڕووداوی ڕاستەقینەی ئەم گۆڕستانە بزانێت، بەڵام ئەوەندە دەزانین کە باب و باپیرانی ئێمە ئەم لاشانەیان بە خۆڵ دادەپۆشی، کەچی دوای ماوەیەکی کەم بە شێوازی جاران دەردەکەوتنەوە.

دیارو نادیار :-

زنجیرەی ڕوداوەکانی ئەم گۆڕستانە لە سنورێك کۆتاییان نایەت بە دانپیانانی خەڵکی ناوچەکە بۆ ئەم شوێنە ئەوەیە کە چەند بوونەوەرێکی نەناسراو چاودێری ئەم شوێنە دەکەن و ڕووناکیەکی بەهێزیش لە شەوە تاریکەکان لەم شوێنە دەردەچێت (تیۆر فاس) سەرپەرشتیاری شارەوانی nazca دەڵێت: لە ٢ی مانگی شوباتی ساڵی ١٩٧٢ دەڕۆیشتم بۆ ناوچەی (بامبا کاربیونیرا) کە ناوچەیەکی نزیکەلە گۆڕستانی (تشاوشیا) لە ناوەڕاستی شوێنەکە لاشەیەکی کانزاییم بینی پارێزگاری لە گۆڕەکان دەکرد لەماوەی چەند چرکەیەك بینیم لاشەکە بەرەو ئاسمان بەرز دەبۆوەو لە ناکاو لەبەرچاوان ون بوو.(ئنبیا ئەنکامی) کە کاری چاککردنەوەی ڕێگاکان دەکات لە باکوری پیرۆ دەڵێت " شەوێك لە ڕێگادا بووم و خەریکی لێخوڕینی ئۆتۆمبێل بووم لەناکاو ڕووناکیەکم بینی بە شێوەیەکی نارێك و خێراییەکی زۆر هاتوو بەرزەوی کەوت و گۆڕستانی (تشاوشیا)ی بەتەواوی داپۆشت پاشان بینیم چەند تیشکێك لە گۆڕەکانەو دەردەچوو پاشان چەند لاشەیەکی سەرسورهێنەرم بینی کەلە شێوەی تۆپ دابوون و لە گۆڕستانەکە بەدیاردەکەوتن ئەمانە بە خێراییەکی زۆر لە گۆڕستانەکە نزیك دەبوونەوە لەم کاتەدا هەستم بە ترسێکی زۆر کردو ویستم ناوچەکە جێبهێڵم لەپڕ بەبێ هۆ ئامێری بزوێنەری ئۆتومبێلەکەم لەکارکەوت، پاشان بەماوەیەکی کەم ئەم لاشانە دیار نەمان، بۆیە بە بڕوای من ئەوانە ویستیان بە چاوی خۆم ڕووداوەکە ببینم ".

هەروەها (ئەدولف بنیافیل) کە هاوڕێیەکی ( انبیال انکامیه) دەڵێ " کەس نیە لە ئێمە ئینکاری لە هەبوونی تیشکی سەرسورهێنەر بکات، چونکە هەزارەها خەڵك ئەم تیشکانەیان لە بۆنەکان بینیوە، هەروەها چەند بەڵگەیەکی تری لە شارەوانی nazca



جەخت لەسەر ڕاستی ئەم ڕووداوانە دەکەنەوە لەم گۆڕستانە ئەمەش هانی فەرمانگەکانی پۆلیس و دەزگا ڕۆژنامەوانیەکانیدا بۆ دۆزینەوەو ئاشکراکردنی ئەم نهێنیانە. هەروەها چەندین زانای شوێنەوارناسیش بە چەندین ئامێری پێشکەوتوو هەوڵی ئاشکراکردنی نهێنیەکانی ئەم گۆڕستانەیاندا لەکۆتاییدا تەنها ماندوبوونیان بۆ مایەوە، هەموو ئەمانەی وایان لەخەڵکی ناوچەکە کردوەکە پرسیاربکەن و بڵێن ( ئەگەر زاناکان لەدەرەوەی بەرگە غازی گۆی زەوی توانای شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەی هەسارەکانی تریان هەبێ ، چۆن ناتوانن نهێنیەکانی ئەم گۆڕستانە ئاشکرا بکەن و ئەم شتە نادیارانە دەربخەن کە بۆتە هۆی ڕوودانی ئەم دیاردانە لەم گۆڕستانەو ئەوانەش ئاشکرا بکەن کە چاودێری ئەم گۆڕستانە دەکەن؟!

لە ئینتەرنێتەوە